بەهۆی لافاو و زریانەوە 14 کەس لە پاکستان گیانیان لەدەست دا

ماوەی چەند ڕۆژێکە هەر دوو هەرێمی بلوشستان و پنجابی پاکستان ڕووبەڕووی زریان و لافاوێکی زۆر بوونەتەوە، بە گوێرەی زانیارییەکانیش تا ئێستە نزیکەی 15 کەس گیانیان لەدەست داوە.

ئەمە شەممە ، دەسەڵاتدارانی پاکستان ڕاویان کردەوە، بەهۆی ئەو زریان و لافاوەی هەر دوو هەرێمی بلوشستان و پنجابی لە باشووری خۆرئاوا و ڕۆژهەڵاتی وڵات گرتووەتەوە، تا ئێستە لانی کەم 14 کەس گیانیان لەدەست داوە.

دەسەڵاتدارانی پاکستان سەرنجیان بە ڕووخانی چەندان خانوو و شوێنی گشتی ڕاکێشاوە و هەروەها گوتوویانە، چەندان خێزان ماڵەکانیان بەرەو شوێنی دیکە بەجێهێشتووە.

حکوومەتی پاکستان ئاماژەی بەوە کردبوو، زۆربەی قوربانییەکان لە هەرێمی پنجابی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەن و زۆربەی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانیش بەهۆی شێرتی کارەبایی یاخود داڕمانی خانوو و باڵەخانەکانەوە بووە و زۆربەیشیان ئافرەت و منداڵ بوونە.